# لەپشتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاوە..!

**کەمال ڕەئوف**

هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی لە ئەمریکادا کە هەر چوارساڵ جارێك لەنێوان حیزبی دیموکراتی و کۆماریدا بەڕێوە دەچێت , ساڵانێکی دوورو درێژە لەنێوان ئەو دووباڵەسیاسیەدا کەلەیەکچوونیان لەناکۆکیان زیاترە قاڵبی بەستووە و بووەتە ئەمری واقیع بەسەر سەری خەڵکی ئەم وولاتەوەو دەبێت دەنگدەران لەنێوان خراپێك و خراپێکی تردا دەنگ بدەن بەیەکێکیان , ئەم دەنگدانە هەرچەندە ناوبەناو کەسێکی سەربەخۆ و سەرمایەدارێکی تریش بەشداری تیادا دەکات وبەنیازی ئەوە خۆی کاندید دەکات تا خەڵك دەنگی خۆیانی پێبدەن , بەڵام لەڕاستیدا ئەو بەشدارییە هەمووجارێك جگەلەوەی کە بڕە پارەیەك خەرج دەکرێت و ناوی کەسەکە لەمیدیاکانەوە بڵاو دەکرێتەوە , بەڵام پێشوەخت بۆهەمووکەس ئاشکرایە کەگرەو کردن لەسەر ئەو کەسە وەك گرەو کردن لەسەر ئەسپی دۆڕاو وایەو و هیچ ئاکامێکی باشی لێناکەوێتەوە , بۆیە بوون و نەبوونی ئەو دەنگەلای خەڵك لەنێوان ئەو دووبەرداشە گەورەیەدا وەك یەك وایە و هیچ لەسەنگی هاوکێشەکە ناگۆڕێت.

هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە کە جۆرج بوشی کوڕ دووبارە هەڵبژێردرایەوە بۆ بۆستی سەرۆکایەتی و لەکۆی 120 ملێون دەنگدەر59,4 ملوێن بەرانبەر بەجۆن کیریکە 55,9 ملێون دەنگی هێنا, ئەو ئاکامە نیشاندەری ئەو ڕاستیە یە کەسیاسەتەکانی ئەمریکا لەجیهاندا سەبارەت بەهە یمەنکردن و بەنواندنی تووندو تیژی و هێزنواندن لەچەند ساڵی ئاییندەدا ڕوو لەهەڵکشان دەکات , بوش کەخاوەنی پرۆژەی دەستێوەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بەوە تۆمەتباردەکرێت کە بەشێوەیەکی هەڵەو بەخراپی سیاسەتەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا پیادەدەکات و لایەنگیریەکی زۆر لە ئیسرائیل دەکات و دژایەتیەکی گەورەی ئیسلام لەناوخۆو دەرەوە دەکات , لەلایەکی تر بەسیاسەتی تاکڕەوانەو بە پەلکێشانی سەربازی دۆست و هاوپە یمانە تەقلیدیەکانی جارس کردووە , کەچی سەرباری هەمووئەو کێشانە جارێکی تر بوش لەهەڵبژاردنی ئەم جارەشدا زۆرینەی دەنگەکان بۆخۆی مسۆگەرکردەوە , ڕەنگە ئەو ئاکامە دەرگای پرسیارگەلێکی زۆر بەڕووماندا بکاتەوە وپرسیاری ئەوە خۆی مەترەح بکات ئاخۆ چی لە پشتی ئەو ئاکامەوە هەبێت کە خەڵکی ئەمریکا جارێکی تر دەنگبدەنەوە بەسەرۆکێك کەلەچوار ساڵی ڕابردووی سەرۆکایەتیەکەیدا خاوەن دەریایەك خوێن ڕشتن و نائارامی کارەساتەکانی 11/سبتیمبەرو لێسەندەوەی زۆرێك لەئازادیە فەردیەکانی هاوڵاتیانی ئەمریکا بێت ؟ ئەو ئاکامە کەبەتەواوەتی پێچەوانەی خواستی بزووتنەوەی دژی شەڕە لەناوخۆدا لەهەمانکاتیشدا بە پێچەوانەی حەزوو وویستی خەڵکی ئەوروپاوەبووە , چونکە بە پێی ئەو ڕا پرسیانەی کە لە35 وڵاتی ئەوروپی کراوە تەنها سێ وولاتیان حەزیان بەوەکردووە کەجورج بوش دووبارە هەڵبژێردرێتەوە بۆ پۆستەکەی , بۆنمونە لە7/ خەڵکی نەرویج حەزیان بەوەکردووە کە بوش هەڵبژێردرێتەوە , کەچی لەووڵاتێکی وەك ئەندەنوسیا کە کەزیاتر 34/ خەڵکەکەی موسڵمانن لەکۆی 220ملیون 70 ملیون حەزیان بەهەڵبژاردنەوەی بوش کردوە کە ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بەوململانێ یەوەهەبێت کەتوندڕەوە ئیسلامیەکانی ئەوی فشاریان بۆخەڵك هێنابێت و بوشیش وەك فریاد ڕەس بۆ ئەو کێشەیە سەیربکرێ , چونکە ئەگەر سەیربکرێت ئەم ڕێژەیە لە لەڕێژەی دەنگدەرانی ئەمریکایی بەبوش زۆرترە ! کەچی لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ناو ئەمریکا بەکۆی دەنگ دەنگی خۆیان دا بەکیری بە پێی ئامارەکان لەسەدا پە نجای دەنگی خەڵکی ئیسلامی ئەمریکایی بۆ کیری بووە و لەسەدا دوانزەش بۆ بوش بووە!

ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی ناو عێراق کەبۆخۆی میحوەرێکی گرنگ بوو لەهەڵبژاردنەکاندا بۆیە جون کیری هەرچەندە لەئۆکتوبەری 2002 دەنگیشی دا بەوەی کە بوش مافی بەکارهێنانی سەربازی هەبێت لە عێراقدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبەرهەڵستکارێکی کۆنی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەناسرێتەوە لە شەڕی ڤێتنامدا و سەرباری ئەوەی وەك بوش پشتیوانی

جەنگی دژی تیرۆری کردووە , بەلام دیسانەوە لەهەندێك مەسەلەدا کەبەرووکەش جیاوازیان هەبووە لەسەرعێراق دەیویست جیاوازیەکانی خۆی بخاتە پێش چاوان , هەربۆیە کیری دەیوویست لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا خاڵە جیاوازەکان بەتایبەت لەمەڕ سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراقدا بخاتەڕوو بەتایبەتی ئەو ئەو خاڵەی کەبەلایەو گرنگ بوو وە بەخاڵێکی بناغەیی دەناسیەوە ئەوەبوو کە ئەو دەیخوازی ئەو شەڕە بەهێزەکانی ناتۆ بکات و لەوەنیگەرانە کەلەکێشەکانی ناوعێراقدا تەنها 15 هەزار سەربازی وولاتانی تر بەشداریان کردوە کە نیوەی ئەو هێزەش لەسەربازەکانی بەریتانیا پێکهاتووە و زۆربەی زیانەکان بەر هێزەکانی ئەمریکا دەکەون , ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو پشتی بەڕاپورتەکەی دولفەر بەستبوو کە گوایە ڕژێمی عێراق چەکی کۆکوژی نەبووە , هەروەها ڕاپورتی موخابەراتی ئەمریکی کە نەیانتوانیوە بەبەڵگەوە پەیوەندیەکانی سەددام و توندڕەوە ئیسلامیەکان پشت ڕاست بکەنەوە , بریمەریش لەئیعترافاتنامەکەیدا دانی ناوە بەوەدا کە گوایە لە پاش ڕووخانی سەددام ئەمریکا نەیتوانیووە بەنەخشەیەکی سەرکەوتوانەو دروست سیاسەتەکانی دوای جەنگ پیادەبکات , ئەمە لەگەڵ ئەوەی نرخی نەوت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕووی لەزیادبوون کردووە نائارامی بەردەوامە و کەسایەتیە بەرزەکانی ناو گروپە ئیسلامیەکان زیندون و نەتوانراوە دەستگیربکرێن .

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا کە زۆرێك لە میدیا جیهانی وناوەندە سیاسیەکانیش بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات و واسەیردەکرێت کەلەنێوان ئەو دووحیزبە بالادەستەدا (کۆماری و دیموکراتیدا ) جیاوازیەك هەبێت و سندوقەکانی دەنگدان و ژمارەی زۆری دەنگدەران ئەو جیاوازیانە لەبەرچاو بگرن و سەربەستانە و بەشێوەیەکی دیموکراتیانە لەنێوان دوو خەیارو دوو بۆچوونی جیاوازدا بڕیار بدەن , کەچی لەڕاستیدا دەردەکەوێت هەرچەندە بەڕوو کەش پروپاگەندەی دووخەیارو دووگوتاری سیاسی جیاواز دەکەن , بەلام لەئاکامدا دەردەکەوێت ئەوەی کە هەیە تەنها گەمەیەکە کەهەرچەند ساڵێك جارێك بەشێوەیەکی ئەریستۆکراتیانەو لەنێوان دووحیزبی شەریك و هاوبەرنامەدا لەنێوان کۆمەڵێك کۆمپانیای گەورەو خێزانی ئەرستۆکراتی و سەرمایەداری دەوڵەمەندا کەهەموویان دەتوانن لەژێر چەترو لەناو یەك بەرنامەی حیزبدا کۆببنەوە , بەناوی دیموکراتیەتەوە ولات بەڕێوەدەبەن ودەسەلات بۆخۆیان قورخی دەکەن, ئەو شێوازی بەڕێوەبردنەش کە ناو دەنێن دیموکراتی سنوری دیموکراتیبوونەکەی بۆخەڵك هێندە فراوانە تابتوانن لەنێوان کیری و بوش دا بەناچاریەکێکیان هەڵبژێرن , هەربۆیە ئەگەر بڵێین دیموکراتیەتی دەسەلات هەرچۆن لەلای دەسەلاتە ئیسلامی و ناسیونالیستی و دیکتاتۆریەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگەلێك فلتەری شێواندن و هەڵخەڵەتان و زۆرەملێیانەدا تێدەپەڕێت , ئاواش لەئەمریکا قەتیسمانەوەی دەسەلات لەنێوان دەنگدان بە کیری و بوش دا و دابەشکردنی دەسەلات لەنێوان دووحیزبی لەیەکچوودادا فێڵێکی تر و فلتەرێکی تری نادیموکراتیە کە ئەمریکا بەناوی دیموکراتی و سندوقی دەنگدانەوە بەڕێوەی دەبات و دەشخوازێت ئەم مۆدێلە بۆڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەدیاری بهێنێت.